# دنيا .. لە سندوقێكی چكۆلەدا!



هێمن عەبدوڵڵا/ هۆڵەند

دنیای نوێ ، دنیای سندوقێكی جادووییە ، كە لەرۆژی لە دایكبوونی ئینسانەكانەوە تا مردنیشیان دەخالەت لە هەمو شتێكدا دەكات .. ئەم سندوقە نە لە ئاسمانانەوە بەربۆتەوە ، نە مۆجیزەیەكیشە كە پەیامبەرەكان بۆ ترساندنی گەلێكی گوێڕانەدێر هێنابێتیان ، لە ناوەوەشیدا نە جنۆكە خۆیان شاردۆتەوە و نە جادووگەرێكیش ئەفسوونی لێخوێندووە ... كورت و كرمانجی : سندوقە جادوییەكەمان بەرهەمی پێنج هەزارساڵ خەبتینی مرۆڤە ئاقڵەكانە ، كە هەم ژیانی پێ سادەبۆتەوە و هەمیش دنیای لێ ئاڵۆزكردووین !.

*                    *                    *

نوسەرێكی فەرەنسایی بە ناوی **ئەمانوئێل تۆد** ەوە كتێبێكی بەنێوی ( تازیەنامەیەك بۆ ئیمپراتۆریای ئەمریكی ) نووسیوە ، دەو كتێبەدا - كە زۆرتر لە فاكتەرەكانی سەرهەڵدانی دیاردەی ( ئەنتی ئامریكانیزم ) دەكۆڵێتەوە - **تۆد** باس لە پێشڤەچوونێكی سەیر لە بواری نەهێشتنی نەخوێندەواریدا دەكات و مژدەی ئەوە دەدات كە لەساڵی 2030 دا رێژەی ئەو گەنجانەی نازانن بخوێننەوە و بنوسن ، دەگاتە سفر لەسەد . بەڵام هۆشداریی ئەوەمان دەداتێ، كە چەمكی نەخوێندەواری لە دنیای نوێدا دەگۆڕێت و لەجیاتی ( خوێندنەوە و نووسین ) دەبێتە : ( كامپیوتەر و زمانی ئینگلیزی )..

*                    *                    *

بە پێی ئەو قسانە بێت ، لە ئایندەیەكی زۆر نزیكدا ، مرۆڤ ، گوندە جیهانییە مەجازییەكەی تەواو بنیاد دەنێت و ئیدی شتێك بە ناوی تخوبی نێونەتەوەیی و سانسۆرەوە ، ناتوانن دەرگای لێكتێگەیشتنی مرۆڤەكان ، لەوسەر تا ئەوسەری دنیا دابخەن و كەسیش ناچارناكرێت كە باوەڕ بە خورافە بێماناكانی سەدەگەلی دوور بكات . زانینی ئەو راستییە تۆقێنەرەش وای لە دەوڵەتی بەنگلادیش كرد ، بە بەیاننامەیەك راشكاوانە دان بە پاشڤەرۆیی كامپیوتەرییانەی خۆیدابنێت و بانگەوازی هاوكاریی نێونەتەوەیی بكات .

*                    *                    *

ژمارەیەک هەواڵم لە بەردەستدان ، یەکێکیان دەڵێت : 60 لەسەدی لادێنشینانی ئامریکایی ئینتەرنێت بەکاردێنن . یەکێکی دیکەش باسی ئەوە دەکات کە دەوڵەتی مالیزی بەهۆی سەرژمێرییەکەوە کە دەریخستووە لەو وڵاتەدا 5 ملیۆن و نیو بەکارهێنەری کامپیوتەر هەیە ، کێچ کەوتۆتە کەوڵییەوە و بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە دیگیتاڵییە ، پلانی داناوە کە تاساڵی 2015 رێژەکە بگەیەنێتە 12 ملیۆن بەکارهێنەر . لە هەمووشی سەرنجراکێشتر هەواڵێکە لە ئێرانەوە کە دەبێژێت : زمانی فارسی بۆتە چوارەم زمانی ئینتەرنێتی لە جیهاندا و تەنیا لە ماڵپەڕێکدا کە خزمەتگوزاریی وێبلاگی هەیە ، دوو ملیۆن بینەر لە مانگێکدا سەری لێدەدەن و 370 هەزار بلاگنووسی بەشدار و 56 هەزار بلاگنووسی چالاکیش تێیدادەنووسن ..
لە بیرتاننەچێت ژمارەی بلاگنووسانی کورد ناگەنە 50 دانە ! ، لە کاتێکدا کە نە رەوشی بژێویی ئێرانییان لە ئێمە باشترە ، نە ئازادیشیان زیاترە ! .

*                    *                    *

دەمەوێت بپرسم : ئێمە لە کوێی ئەو گۆڕانکارییە ماراسۆنییەداین ؟ ، تۆ بڵێی حاڵمان لە خەڵکی ڤیەتنام باشتر بێت کە لە کۆی 80 ملیۆن کەسی دانیشتووی ئەو وڵاتە ، تەنیا 1 ملیۆن بەکارهێنەری ئینتەرنێتی هەیە ، ئەویش 70 لەسەدی خەریکی چاتکردنە و 10لەسەدی یاریی ئەلەکترۆنی دەکەن و 10 لەسەدی تریشی تەنیا بۆ ئیمایلنووسین بەکاریدێنن و 5 لەسەدی دیکەشی سەیری فیلمە سێکسییەکان دەکەن و 5 لەسەدەکەی کە دەشمێنێتەوە کاری جۆراوجۆری تری پێدەکەن ؟ ..
یان لە وانیش کۆڵەوارترین ؟!.

* زانیارییە ئامارییەکانی ئەم نووسینە لە ماڵپەری جیاجیای تایبەت بە (IT) یەوە بە زمانگەلی فارسی و هۆڵەندی و ئینگلیزی وەرگیراون .

www.hemnabdulla.blogspot.com